# ململانێ لەسەر سەرۆك وەزیران

# ئەی كێ دەبێتە سەرۆكی پەرلەمان؟

■ كەمال چۆمانی

chomani_85@yahoo.com

لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا دەبێت گۆڕانكاری لەنێوان هەردوو پۆستەكەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكایەتی پەرلەمان رووبدات، ئەمەش بەپێی ئەو رێككەوتنەی كەلەنێوان دوو حیزبە دەستەڵاتدارەكەی كوردستان (یەكێتی و پارتی) واژۆكراوە، ئەوەی تا ئێستا جێی مشتومڕە و جۆرێك لە ململانێشی دروستكردوە بۆ بردنی پۆستەكان بەتایبەت پۆستی سەرۆك وەزیران لەنێوان تەكەتولە جیاوازەكانی نێو یەكێتی نیشتیمانی، رۆژانەش خەڵكی سەرقاڵكردوە و راگەیاندنی كوردیش بەتایبەت راگەیاندنە ئەهلیەكان گرنگیەكی زۆری پێدەدات و ئەوەی جێی سەرنجیشە كەمتر باس لە كاندایدای پارتی دیموكراتی دەكرێت بۆ پۆستی سەرۆك پەرلەمان كە هیچی كەمتر نییە لە پۆستی سەرۆك وەزیران جگە لە پارە، ئەوەی وایكردووە زۆر ناو بەرگوێ بكەون بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران چەند هۆكارێكن، گرینگترینیان تەكەتولەكانی نێو یەكێتیە لەلایەك كە دوو تەكەتولە سەرەكیەكەی ئێستای سەرەكی یەكێتی چاوەڕێ دەكرێت پاڵێوراوی خۆیان هەبێت و لەلایەكی تریشەوە نزیكی تاڵەبانی لە نێچیرڤان بارزانی وایكردوە زۆرێك واتێبگەن كە خودی نێچیرڤان پۆستەكە وەردەگرێتەوە، سەرەڕای زۆری هۆكارەكان، بەڵام بەباوەڕی من ئەو دوو هۆكارە سەرەكیترینیانن، تەكەتولەكانی نێو یەكێتی پێدەچێت هەریەكەو كاندیدای خۆی هەبێت، بەتایبەت تەكەتولەكەی تاڵەبانی و كۆسرەت رەسول، بۆ یەكەمجاریش لە كارو گۆڕانكاریەكانی نێو یەكێتی هەستدەكرێت نەوشێروان مستەفا تەنها وەك تەماشاكارێك دەردەكەوێت، هەرچەندە باڵی تاڵەبانی یەكلاكەرەوەیە لە دانان و كاندیدكردنی سەرۆك وەزیرانێكی نوێ، بەڵام لەبەرئەوەی بەهێزترین و شیاوترین كەس بۆ ئەو پۆستە دكتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵحە گەر بڕیاری لەسەر بدرێت بگەڕێنرێتەوە هەرێمی كوردستان، ئەوا بە دڵنیایی سەركردایەتی كورد لەبەغدا فەراغێكی گەورەی تێدەكەوێت و خودی تاڵەبانیش كاراكتەرێكی هەرە سەرەكی گەمە سیاسییەكانی بەغدا لەدەست دەدات، ئەمەش ئەستەمە نەك هەر تاڵەبانی بەڵكو خودی سەركردایەتی كوردیش قبوڵی بكەن، گەڕانەوەی د.بەرهەم وەك زۆرێك لەچاودێران بۆی دەچن شكستێكە بۆ كورد لەبەغدا و سەركەوتنێكە بۆ خودی یەكێتی و حكومەتی هەرێم لە هەولێر، بەهێزی پێگەكەی بەرهەم و پێویستی پۆستەكە بە ئەو وا لەتەكەتولەكەی تاڵەبانی دەكات كە بیر لە كەسێكی تری هاوشێوەی دكتۆر بەرهەم بكاتەوە كە لەئێستای ئەو تەكەتولە و خودی یەكێتیش كەسێكی وا ئەستەمە بدۆزرێتەوە كە هەم ئەدای حكومەت باشتر بكات و هەم یەكێتی هەولێریش لە پارتی بسەنێتەوە، بەهۆی نەبونی كەسێكی بەهێز وەك بەرهەم ساڵح لەناو تەكەتولەكەی تاڵەبانی و پێویستی كورد بە بەرهەم ساڵح لە بەغدا شانسی تەكەتولەكەی كۆسرەت رەسول بەهێزدەكات و لەناو تەكەتولەكەی رەسولیش تاكە كەسێك كە بتوانێت لە گۆمە شلۆقەكەی هەولێر مەلە بكات هەر كاراكتەری خودی خاوەن تەكەتولەكە خۆیەتی، ئەوەی وا دەكات بۆ ئەو پۆستە كۆسرەت رەسول یاریكەرێكی باش بێت، تەجروبەیەتی لە ساڵانی دوای راپەڕین لەو دامەزراوە حەساسەدا، ئەمە جگە لە پێگە بەهێزە جەماوەری و سیاسیەكەی خۆی نەك (یەكێتی) لە هەولێردا كە بێگومان هەولێر ساحەی یاریەكانە، هەتا وای لێهاتووە یەكێتییەكانی هەولێر دەڵێن "ئێمە یەكێتی كۆسرەتین، ئێمە كۆسرەتین" ئەوەی تا ئێستا باسی لێوەكراوە بەهێزی شانسی ئەو دوو ناوەیە بۆ وەرگرتنی پۆستێكی هەستیار و گرنگ كە ئەویش سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، كە من وایدەبینم بۆ بردنەوەی‌داهاتووی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان كۆڵەكەیەكی سەرەكی ئەو پۆستە پێكیدەهێنێت، ئەمە لەكاتێكدا كە ئەوەی دەبێتە سەرۆك حكومەت كارەكانی نێچیرڤان بارزانی تێبپەڕێنێت، كە تارادەیەكی باش نێچیرڤان بارزانی توانیویەتی بە ئەدایەكی سەركەوتووانە لەمرۆی كوردستانێكی ناتەندروستدا حكومەتایەتی بكات، ئەو گەمەكەرەی یەكێتی كە ئەو پۆستە وەردەگرێت ئەگەر وابكات هاوڵاتیان ئاخ بۆ سەرۆكی پێشوتر كە نێرڤان بارزانی دەبێت هەڵنەكێشن ئەوا بەدڵنیایی نفوسی یەكێتی لەهەولێر بەتایبەت و كوردستان بەگشتی لە زیادە دەدات، بێگومانیش پێچەوانەكەی راستدەبێت، ئەوەش ناكرێت لەبیربكرێت كە ساڵی 2008 هەر ساڵی گۆڕانی سەرۆك وەزیران نییە، بەڵكو بەپێی رێككەتننامەكە دەبێت سەرۆك پەرلەمانیش بگۆڕدرێت كە ئەوەیان تا ئێستا كەمترین قسەی لەسەر كراوە، ئەوەی ئێستا كەمترین قسەی لەسەر كراوە چ لە ئیعلام و وە چ لەنێو خودی هاوڵاتیان و هەمیش نێو مەكتەبی سیاسی حیزبەكە بەو پێیەی تا ئێستا هیچ راگەیەنراو و هەواڵێك دزەی نەكردۆتە نێو هاوڵاتیان و راگەیاندنەكان، سەرۆكی پەرلەمانە، ئەمڕۆ پەرلەمانێكمان هەیە كە دەنگ هەڵبڕێت یان لەئەندام پەرلەمانییەتی لادەدەن یان ئەوەتا لە سەرۆكایەتی فراكسیۆنی لادەدەن، پەرلەمانێكە دژە ئازادی و دژە هەڵوێست وەرگرتن، پەرلەمانێكە نۆتەی شەركردن بۆ دەستەبەركردنی زیاتری ماف و ئازادییەكانی هاوڵاتی نوقەی لێوە نایەت، پەرلەمانێكە بێدەنگ و پاسیف، پەرلەمانێكە وەك دیوەخانێكی حیزبی سەیردەكرێت، پەرلەمانێكە زۆربەی ئەندام پەرلەمانەكانییان كڵاوی خۆیان گرتوە مەكتەبی سیاسی نەیبات و ئازا بۆ داواكردنی مۆنیكا بێدەنگ بۆ داوای مافی زیاتری هاوڵاتیبون ئەو جۆرە پەرلەمان پێویستی بە كاریزمایەكە بۆ ئاكتیڤكردنی لەكاتێكدا تا ئێستا هەر باسی لێوەناكرێت ئایا پارتی كێی تەرخانكردوە بۆ ئەو پۆستە؟ ئەكرێت ئێستا كاتی ئەوەبێت بپرسین ئەی كێ دەبێتە سەۆركی ئەو پەرلەمانە مردوە؟ دەبێت پارتی كێی كاندیدا كردبێت؟ دەبێت كاندیداكردنی سەرۆك پەرلەمانێك نهێنییەكی ئەوەندە قوڕس بێت بۆ حیزبێك كە مەركەزیەتێكی بەهێزی هەیە و ئیدیعای ئەوەدەكەن كە هیچ تەكەتولێك لەناویاندا بوونی نییە؟ یان گومان بكەین كە ەك دانانی وەزیرەكان كەسەكە لە راگەیاندن ناوی خۆی بەرچاو دەكەوێت كە پاڵێوراوە بۆ ئەو پۆستە؟ ئەی نابێت زوو رابگەیەنرێت بۆ ئەوەی كەسەكە بتوانێت خۆئامادەكرنێكی باشی بۆ بكات و لەوەشیان دا نوسەر و سیاسی و رۆژنامەنوسان پێشنیاری جیدی بۆ بكەن؟ ئایا سەرۆك پەرلەمانێك دەبێت هیوای گۆڕین و ئاكتیڤكردنی لێبكرێت؟ یان بەپێچەوانەوە كەسێك نانێرن بۆ ئاكتیڤكردنی ئەو پەرلەمانە پاسیڤ و نادیارە؟ ئەی بۆ ئەو دوو حیزبە كەمتر لەسەر سەرۆكایەتی پەرلەمان قسە و مشتومڕیان هەیە؟ من وایدەبینم هۆكارەكەی پارە و بودجەو سەرمایەی وڵات و داهاتی گشتی بێت، كەواتە هەڵنیم گەر واهەست بكەم ئەو دوو

حیزبە نایانەوێت سیستەم و یاسا بۆ کۆمەڵگە دابرێژن بەڵکو دەیانەوێت لەسەر سامانی ئەو خەڵکە یاری بکەن؟ ئەبوایە هەردوکیان ململانێی توندیان کردبا بۆ سەرۆکایەتەی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو یاسا و بەندانە دەرچوێنن کە کۆمەڵگا بەرەو هەرچی زیاتری مەدەنی و دیموکراسی دەبات، هەوڵیان بدابووایە و بدەن ئەو قسە سواوانەی خۆیان کە ئەمڕۆ لەسەر هەندێك چەمکی دنیای مۆدێرنە دەکەن بە یاسای بکەن نەك وەك چەمکی ئازادی رۆژنامەگەری گوللە بنێن بە ئازادیەوە، بەکورتترین پرسیار جێی هەڵوێستەیە بپرسین ئایا پارتی کەسێك دەنێرێتە  پەرلەمان هەر هیچ نەبێت کەمێك رۆحی بکاتەوە بەر یان کەسێك دەنێرێت ئەو کفنی پەرلەمانی پێبکات؟ ئایا ئەو سەرۆك پەرلەمانە نوێیە پەرلەمان دەکاتەوە هی خەڵك یان چەند هەنگاوێکی تر لە خەڵك دووری دەخاتەوە؟ گومانی تێدا نییە دەبێت پارتی دیموکڕاتی هەوڵی ئەوە بدات کە وا خۆی نیشان بدات لە ئەرزی واقیعیشدا پراکتیزەی بکات کە ئەو دەتوانێت کاراکتەرەکەی پەرلەمان بکاتە پەرلەمان بە مانای وشە، دەبێت بە هاوڵاتیان بڵێت گەر ئەو لە سەرۆکایەتی حکومەتیش نەبێت ئەوا لەناو پەرلەمان ئەو مافانە دەستەبەر دەکات کە هاوڵاتیان داوای ئەکەن، ئەگەرنا پارتی بەدەستی خۆی یەکێتییەکە تەسلیم بە یەکێتی دەکاتەوە کە یەکێتی هاتۆتە سەرۆکایتی وەزیران بۆ ئەوەی ژیانی خەڵك باشبکات لەو رێشەوە یەکێتییەکەی وەرگرێتەوە، ئەبێت پارتیش ئەو هەوڵە بدات کە لەرێی پەرلەمانەوە بەخەڵك بڵێت هەر منم داکۆکیکار لە مافەکانتان، بەکورتی ساڵی 2008ساڵی بەدەرکەوتنی کام حیزب خزمەتدەکات؟ دەبێت، ئەوەی وەڵامی هەندێك ئەو پرسیارانە دەداتەوە داهاتوو و مەکتەبە سیاسیەکانن، پڕ ئاشکراشە لەم گۆرشانکاریانەدا ئێمەی هاوڵاتی هیچمان لەدەست نایەت تەنها تەماشاکار دەبین، تەنها کارێك لەدەستمان بێت زەختکردنە لەو دوو حیزبە کە کەسانێك دابنێن زیاتر خزمەتمان بکەن و بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و ئێمەش لەمەودوا ئۆخەیەك بڵێین کە لە ژیانماندا نەمانگوتوە.